# ئافرەتێکی موسڵمان حەزی لە  پیاوێکی نەصرانیە و ئەیەوێت زەواجی لەگەڵدا بکات

[ كردي – کوردی – kurdish ]


شێخ موحەممەد صاڵح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# مسلمة تحب رجلاً نصرانياً وتريد الزواج به

« باللغة الكردية »


الشيخ محمد صالح المنجد



ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# ئافرەتێکی موسڵمان حەزی لە پیاوێکی نەصرانیە و ئەیەوێت زەواجی لەگەڵدا بکات

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام کراوە :

**پرسیار**: من ئافرەتێکی گەنجی موسڵمانم و تەمەنم بیست ساڵە، و پیاوێکی بیانی نەصرانیم خۆش دەوێت کە زمانی عەرەبیش نازانێت، ئایا ئەگەر من دڵنیا بم لە ئاینەکەی خۆم ومتمانەشم بەخۆم هەبێت کە کاریگەری نابێت لەسەرم، ئایا دروستە من زەواجی لەگەڵ بکەم ؟ ئەگەر وەڵامەکەتان بە نەخێر بوو، ئەی من چۆن و بەچ شێوەیەك بانگی بکەم بۆ سەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام ؟ وە ئایا ئێوە هیچ ڕێکخراوێکتان هەیە بانگەواز بکات بۆ ئاینی ئیسلام، تاوەکو پێی بڵێم پەیوەندیتان پێوە بکات ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

هەموو زانایان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی دروست نییە ئافرەتێکی موسڵمان شوو بکات بە پیاوێکی بێباوەڕ و کافر، جا چی ئەو پیاوە جولەکە بێت یان نەصرانی، یان هەر دینێکی تری هەبێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَلا

تُنْكِحُوا الْمُشْرِكِينَ حَتَّى يُؤْمِنُوا وَلَعَبْدٌ مُؤْمِنٌ خَيْرٌ مِنْ مُشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ أُولَئِكَ يَدْعُونَ إِلَى النَّارِ وَاللَّهُ يَدْعُو إِلَى الْجَنَّةِ وَالْمَغْفِرَةِ بِإِذْنِهِ وَيُبَيِّنُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ﴾ [ البقرة : ٢٢١ ] واتا : ئافرەتانی موشریک و خواناس مارە مەکەن هەتا ئیمان و باوەڕ دەهێنن، بێگومان کەنیزەکێکی ئیماندار چاکترە لە ئافرەتێکی موشریک و خوانەناس، هەرچەندە (جوانییەکەی، یان سامانەکەی، یان پلەو پایەکەی) سەرسامی کردبن و ژن مارە مەبڕن لە پیاوانی موشریک و خوانەناس هەتا ئیمان و باوەڕ دەهێنن و بەڕاستی بەندەیەکی ئیماندار چاکترە لە موشریک و خوانەناسێک، هەرچەندە سەرسامی کردبن (قەدو قیافەو پلەوپایەو سامانەکەی)، ئائەو خوانەناسانە بانگەوازی مەردوم دەکەن بەرەو دۆزەخ، خوایش بانگهێشتی مەردومان دەکات بەرەو بەهەشت و لێخۆشبوون بە فەرمان و ئیزنی خۆی (کە گوێڕایەڵی ڕێبازەکەیەتی) و خوا ئایەتەکانی (قورئانەکەی) بەروونی دەخاتە بەرچاو بۆ خەڵکی، بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرن و تێبگەن.

هەروەها فەرموویەتی : ﴿ فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَاتٍ فَلا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى الْكُفَّارِ لا هُنَّ حِلٌّ لَهُمْ وَلا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ ﴾ [ الممتحنة : ١٠ ] واتا : جا ئەگەر زانیتان باوەڕدارن، ئەوە مەیانگێڕنەوە بۆ لای مێردە بێ

باوەڕەکانیان، نە ئەم ئافرەتە حەڵاڵی ئەو بێ باوەڕانەن، نەئەو بێ باوەڕانەش حەڵاڵن بۆ ئەم ئافرەتە ئیمانداارانە .

شێخ الاسلام ابت تیمیة (ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ووتویەتی : « **وقد اتفق المسلمون على أن الكافر لا يرث المسلم، ولا يتزوج الكافر المسلمة** » [ الفتاوى الكبرى" (١٣٠/٣) ] واتا : هەموو موسڵمانان یەکڕان لەسەر ئەوەی کە مرۆڤی بێباوەڕ میراتی لە مرۆڤی موسڵمان نابات، هەروەها یەکڕان لەسەر ئەوەی مرۆڤی بێباوەڕ نابێت ئافرەتی موسڵمان مارە بکات .

لەبەر ئەوەش ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەرزوبڵند و پێشەنگە نابێت هیچ ئاین و ئیانزایەکی تر بەرز و بڵند بێت بەسەریدا، وەك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرمــوویەتی : « الإسلام يعلو ولا يعلى عليه » [ رواه الدارقطني وحسنه الألباني في صحيح الجامع برقم (٢٧٧٨) ] .

دیسان لەبەر ئەوەی کە پیاو گەورە و کاربەدەستی ئافرەتە، وە نابێت کەسی بێباوەڕ گەورە و کاربەدەستی ئافرەتێکی موسڵمان بێت، چونکە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئاینی هەق وڕاستیە و جگە لەو هەموو ئاینەکانی تر ئاینی پڕوپوچ و بەتاڵن.

وە ئەگەر هاتوو هەر ئافرەتێکی موسڵمان ئەو حوکمەی زانی کە دروست نییە ئافرەتێکی باوەڕداری موسڵمان شوو بکاتە پیاویکی بێباوەڕ، وپاشان هەر شووی پێکرد، ئەوە با بزانێت بە زیناکەر دادەنرێت، و سزای زیناکەری بەسەردا دەچەسپێت ( ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی هەبوو )، بەڵام ئەگەر هاتوو جاهل و نەزان بوو بەو حوکمە ئەو لای خوای گەورە بە نەزانینی خۆی ( مەعذورە ) و دەبێت قازی موسڵمانان جیای بکاتەوە لە پیاوەکەی بە بێ ئەوەی پێویستی بە تەڵاقدان هەبێت، چونکە لە بنەماوە ئەو زەواجە زەواجێکی باتڵ و ناردوست بووە .

جا لەبەر ئەوە واجبە لەسەر ئافرەتی موسڵمان کاتێك خوای گەورە بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕێزی لێناوە و بە موسڵمانیەتی خەلقی کردووە، دەبێت خۆی و وەلی ئەمرەکەشی زۆر ئاگاداری وەها زەواجێك بن و لە ئاست سنوورکانی خوای گەورەدا کەمتەرخەمی نەنوێنن و شانازی بکەن بە ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ من كان يريد العزة فلله العزة جميعا ﴾ [ سورة فاطر : ١٠ ] واتا : ئەوەی سەربەرزی وپایەبڵندی دەوێت، با بزانێت کە هەموو سەربەرزی و پایە بڵندیەک هەر بۆ خوایە .

لەبەر ئەوە ئامۆژگاری ئەم خوشکە ئەکەین کە هەموو پەیوەندیەکی لەگەڵ ئەم پیاوە نەصرانیە ببچڕێنێت، چونکە

دروست نییە بۆ ئافرەتێکی موسڵمان پەیوەندی هەبێت لەگەڵ پیاوێکی بیگانەی موسڵمانیشدا ( چ جای پیاویکی بێگانەی بێباوەڕ ) ،

بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو پیاوە نەصرانیە بە ئارەزوی خۆی باوەڕی هێناو و موسڵمان بوو، ئەو کاتە هیچ ڕێگریەك نییە لەوەی شووی پێ نەکات و دروستە زەواجی لەگەڵدا بکات ئەگەر هاتوو وەلی ئەمری ئافرەتەکە ڕەزامەندی دەربڕی .

دیسان جارێکی تر ئامۆژگاری ئەو خوشکە دەکەین بەو ئامۆژگاریەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئامۆژگاری لاوان و گەنجانی موسلمانی پێکردووە، کە پیاوێکی بەڕەوشتی باوەرداری موسڵمان هەلبژێرە بۆ ئەوەی ببێت لە شەریك وهاوبەشی ژیانت زۆر لەو پیاوە باشترە کە خۆشت ئەوێت بەڵام موسڵمان نییە و باوەڕی بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام نییە .

لەخوای گەورە داواکارین کاروبارەکانی بۆ ساز بکات و ڕوشد و ژیریشی بداتێ .

خوای گەورەش زانا ترە .